# ڕاسیزمی دەسەڵاتی ناسینالیزمی کورد لەبەرامبەر خواستەکانی لاوانی کوردستان دا



## کێشەی لاوانی کوردستان چیە، و چی یان دەوێت؟

**سەبارەت بە بەرنامە تەلەفزیۆنیەکانی کەناڵەکانی کوردسات و کوردستانTV**

**سەبارەت بە کێشەی لاوانی کوردستان**

ماوەی چەند مانگێکە ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکێتی بە تایبەت کەناڵە تەلەفزیۆنیەکانی کوردستان و کوردسات سەبارەت بە کێشە و نارەزایەتی لاوانی کوردستان بەردەوام خەریکی سازدانی بەرنامەو کۆڕ و گفتوگۆی جۆراوجۆرن تەنانەت شەخسی مەسعود بارزانی و ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم دوو حزبە لەم پلەیك و قسەو باسانەدا ڕاستەوخۆ بەشداریان کردووە. هەربۆیە دەخوازێ لەم بارەیەوە بەکورتیش بێت چەند سەرنجێك سەبارەت بە کێشە و مەسەلەی لاوانی کوردستان بخرێتە ڕوو وە وەڵامێك بەو بیروبۆچوون و ئامانجانە بدرێتەوە کە لە پشتی ئەم هەڵمەتی ڕاگەیاندنەوە ڕاوەستاوە.

گواستنەوەی رەخنەو گازندەکانی لاوان بۆسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن لەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوە لە لایەکەوە نیشانەی پەرەگرتنی نارەزایەتیەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگایە لە دەسەڵات و لە لایەکی تریشەوە پێویستی دەسەڵاتە بە میکانیزمێك بۆ ئیحتیواکردن و چەواشەکردنی ئەم نارەزایەتیەو ئاراستە کردنی بە بەرژەوەندی خۆیدا.

**هەڕەشەو تێگەیشتنە نادروستەکان:**

بۆ یەکەمجار مەسعود بارزانی بە هەمان خەسڵەتی غروری عەشیرەتی حزبەکەیەوە ئەوەی لە بەرامبەر نارەزایەتی لاواندا ڕاگەیاند با خۆپیشاندان بکرێت بەڵام هاوکات ووتی ئەم دەستکەوت و ئازادیەی ئەمڕۆی کوردستان بە خوێن بەدەست هاتوون هەروا بە ئاسانی دەست بەرداری نابین.ئەمە هەڕەشەیەکی ئاشکرای پارتی بوو لە لاوان کە ئەگەر ئەم نازو نیعمەتەمان بە ناوی ماف و داخوازی و نارەزایەتی و خۆپیشاندانەوە لێ تێك بدەن لێتان قبوڵ ناکەین ..هتد.

بەڵام لاوانی کوردستان ڕاستەوخۆ نارەزایەتیان بەو دەستکەوت و ئازادیە هەیە کە یەکێتی و پارتی قۆرخیان کردووە و توێژەکانی تری کۆمەڵگایان لێ بێ بەش کراوە لەو نازو نیعمەتە نارازین کە لە ژێر چنگی ئەم دوو حزبەدایە و خەڵکی کوردستان بە تایبەت توێژی لاوانی لێ بێ بەشە.بەکورتی تووڕەیی و نارەزایەتی لاوانی کوردستان راستەوخۆ لە بەرامبەر دەسەڵاتی حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان خۆیاندایە لە پێش هەموویانەوە حزبەکەی مەسعود بارزانی خۆی.

لاوانی کوردستان لەماوەی 15 ساڵی هاتنەسەرکاری ئەحزابی قومی هەتا ئەمرۆ هیچ خێرو خۆشیەك هیچ ئاڵو گۆڕێکی بەرچاوو ئیجابیان بەخۆیانەوە نەبینیوە ئەوەی کە ئەوان پێی دەڵێن (دەستکەوت و ئازادی )مەگەر ئەوەی مەلا بەختیار ووتەنی ئەمان بەزۆر نایانکەن بە عەسکەرا!! بەڵام لاوانی کوردستان بە پێچەوانەی ئەحزابی دەسەڵاتدارەوە بەردەوام چاویان لە ژیانێکی مۆدرێن تر و باشتر بووە.هەمیشە ئەو پرسیارەیان لە دەسەڵات

کردووە و ڕووبەڕوو کردووەتەوە کە بۆچی دوای نەمانی ڕەشترین دەسەڵاتی فاشیستی ناسیۆنالیستی عەرەب لەکوردستاندا پرۆژەو بەرنامەی کاری دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیستی کوردستانیش کە ڕۆژانە بە ناوی خەڵکی کورد زمان و نەتەوەی کوردەوە قسە دەکەن ناتوانیٚ ئاڵوگۆڕی ئیجابی لە ژیانیاندا دروست بکات؟؟

لاویٚك ئەگەر لەش ساغ بیٚتو بتوانیٚ ژیانی ئاسایی بکات ماف وپیٚویستی بە دابین کردنی لانی کەمی گوزەرانی لاوانت هەیە ژیانی دابین بکریٚت نەك وەکو لاوانی کوردستان بۆ هاتوچۆی بازاڕیش هەر چاو لە دەستی خیٚزان بیٚـت ،پیٚویستە خانوو شویٚنی ژیانی دابین بکریٚـت نەك وەکو لاوانی کوردستان لەناو خیٚزانی چەند نەفەریدا جیٚیەك نەبیٚت پشووی تیا بدات و ئازادانە هاوڕیٚی خۆی ببینیٚت و بەهرەو توانا ئەدەبی و ڕۆشنبیری وهونەری و وەرزشیەکانی خۆی تیادا بەریٚتە سەر و تاقی بکاتەوە، پیٚویستە ئازادی هەبیٚ و مافە مەدەنی و فەردیەکانی پاریٚزراو بیٚت نەك وەکو لاوانی کوردستان نەتوانیٚ ئازادانە عەشق وخۆشەویستی بکات وریٚگەی پیٚ بگیریٚت توشی مەترسی بیٚت پیٚویستە تەئمینی خویٚندن و تەندروستی کاری بۆ بکریٚت نەك وەکو لاوانی کوردستان لە هەموو ئەم مافانە بیٚ بەش بن کە لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە.... ئەمانەئەو ماف و داخوازیانەیە کە ڕۆژانە لاوانی کوردستان خەونی پیٚوە دەبینن دەسەڵاتدارانیش بە پاساوو بیانووی جیاجیا خۆیانی لیٚ دەدزنەوە و پیٚیان دەڵیٚن، شکور بن بەس نی یە بەزۆر ناتان کەین بە عەسکەر ئیٚمە ئەم ئازادیەمان بۆ ئیٚوە دابین کردووە وەرن ئەو پەرلەمان و ئیدارەیە بپاریٚزن کە بەدەست ئیٚمەوەیە.

مەبەستی پارتی و یەکیٚتی لەو بەرنامە تەلەفزیۆنیانەدا گەیاندنی پەیام و دەنگی لاوان نیە بەڵکو هیٚنانەخوارەوە و سەرکۆنەکردن و سەرزەنشتکردنی لاوان وچەواشەکردنی خواست و ناڕەزایەتیەکانیانە،سەرانی ئەم دوو حزبە لەم کەناڵانەوە ڕاسیزمیٚك دەدەن بە ڕووی کۆمەڵگابە تاییەت تویٚژی لاواندا کە بیٚ ئەندازە کۆنەپەرستانەیە و لەبەرامبەر باس و خواستی لاواندا باسی ئەنفال و عەسکەری دەکەن و کونجە تاریکەکانی ڕابردووی کوردستانیان نیشان دەدەنەوە. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەوان هیٚزو دەسەڵاتی ئەو ئاڵوگۆڕو مەسئولیەتە نین کە لەسەر شانیانە ئەنجامی بدەن ، بەڵام هاوکات دەیانەویٚ کەس ناڕازی نەبیٚ و خۆپیشاندان نەکات.

مەسەلەیەکی تر کە جار جار بەرگویٚ دەکەویٚت نیشاندانی کیٚشەی لاوانە وەکو کیٚشەیەك لە نیٚوان لاوان و پیردا یان نەوەی نویٚ و نەوەی کۆن. ئەم تیٚگەیشتنە بە تەواوی سەر لیٚ شیٚویٚنەرە و لە ناوەرۆك و ئەسڵی مەسەلەکە دوور دەکەویٚتەوە .کیٚشەی لاوانی کوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دەسەڵات و ڕوو بە دەسەڵاتە لە کوردستان هەموو ئەو خواست و مافانەی لاوانی کوردستان وەکو مافی ئینسانیی ئەم سەردەمە لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە دابینیان بکات و بیان پاریٚزیٚت نەك نەوەی کۆن.خولقاندنی ئەم ناکۆکیە زەینی یە بە زیانی بزووتنەوەی لاوان و بە قازانجی خۆدزینەوە و بیٚ دەربەستی دەسەڵات تەواو دەبیٚت.مافو خواستەکانی لاوان ئینسانیی و بەرهەقن دەبیٚ لە ئاستی کۆمەڵگادا بناسریٚن هەموو تویٚژەجیاجیاکانی کۆمەڵ پشتیوانی لیٚ بکەن نەك بە پیٚچەوانەوە بەڵام ئەم تیٚگەیشتنەنادروست و چەواشەکارانەیە ڕەوەندیٚکی پیٚچەوانە ئاراستە دەکات. بوونی ژمارەی زۆری لاوان لە پەرلەمان یان سەرکردایەتی حزبەکان ناتوانیٚ خزمەت بە لاوانی کوردستان بکات چونکە کیٚشەکە لە خودی بەرنامە وئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی ئەو حزبانە و دەسەڵاتەکەیانداپە کە ئەحزابی ناسیۆنالیست وکۆنە پەرستی عەشیرەتی و دابڕاو لەهەر ئاڵوگۆڕیٚکی ماددی و کۆمەڵایەتین لە کوردستاندا، ئامانجی ئەم حزبە ناسیۆنالیستانە تەنها شەریك بوونە لە بەشی دەسەڵات و سەرمایە لە عیٚراقدا ، ئەمەش تەنها خواست و داوای سەرمایەدارانی

کوردە کەهیچ بەش و خۆشیەکی بۆ خەڵکی کوردستان تێدا نیە. کەسێك یان سەرکردایەتیەك یان پەرلەمانێك و دەسەلاتێك ئەوە ئاسۆ وئامانج و سیاسەتی بێت هەمووشیان لاوان بن ناتوانێ ئاڵوگۆڕی ئینسانی و ئیجابی لە ئاستی کۆمەڵگادا ئەنجام بدات.
تەنها رێگا لەبەردەم لاوانی کوردستاندا کۆکردنەوەی هێزی خۆیانە لەدەوری ماف و خواستەکانی خۆیان، خواستی سیستەمێکی مۆدێرن و سکۆلار بۆ لاوانی کوردستان بەرز بکەنەوە و لە ئاستی کۆمەڵگادا سەرنج و پشتیوانی تەواوی کۆمەڵگای بۆ دابین بکەن.خواستەکانی لاوان بە پلمیك و جەدەلی فکری فەلسەفی بەدەست نایەت . تەنها بە هێز بەلام هێزی یەکگرتوو رێکخراوو سەراسەری بەدەست دێت و دەتوانێ فشار بۆ دەسەلات بهێنێت.
جووڵانەوەی لاوان جووڵانەوەیەکی هەمەگیری ناڕەزایەتیە بەسی هەموو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانی کۆمەڵگای پێوەیە و بیروڕاو نەزەعاتی جۆراوجۆری تێدایە. دەکرێت لەسەر ئەم زەمینەیە کار بۆ ئەوە بکرێت کە لە دەوری جووڵانەوەی کۆمۆنیستی کۆببێتەوە.کۆبوونەوەی لاوان و ژنانی کوردستان لە دەوری بەرنامەو سیاسەتی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستاندا گرنگیەکی حەیاتی هەیە بۆدامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سکۆلار لە کوردستاندا کە تیایدا مافە ئینسانی و مەدەنیەکانی لاوان و یەکسانی ژنان و پیاوانی تیادا دابینکراوو پارێزراو بێت.

١-٧-٢٠٠٦

تێبینی : ماوەی چەند مانگێك بووبەهۆی کێشەی تەندروستیەوە نەمتوانی درێژە بە نووسین بدەم ، بەڵام هاوکات بەرێزێکی تر بە هەمان ناوی منەوە بابەتی جۆراو جۆری لە سایتە کوردیەکاندا بلاوکردووەتەوە، هەرچەندە من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ نووسینەکانی ئەو بەرێزەدا نیە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم بەڵام بە پێویستم زانی لەم بارەیەوە ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەم . لەگەڵ رێزم دا